# قوتابێتی - 1

## وانەی سێیەم

## نزا

رابەری گروپ: نزا بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادە کردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

**فێربکە:** (پەرستن) چییە؟ پەرستن باری کڕنۆش بردن و نوشتانەوە و ملکەچی و خۆتەرخانکردنە بۆ خودا، ئەویش بەرێگای نزا و شێوازی ژیانمان دەریدەخەین.

بۆ ئەوەی خودا بپەرستین، پێویستە بزانین خودا کێیە. لەم وانەیەدا تەنها سیفەتێك لە سیفەتەکانی خودا فێردەبین.

(رابەری گروپ: ئەو وانەیە بخوێنە سەبارەت بەوەی کە خودا مەزن و تواناداره).

## ستایش و پەرستن

## خودا مەزن و تواناداره

پەرتووگی ئەیوب بخوێنە

(ئەیوب38: 4-5) (زەوی) (ئەیوب38: 8-11) (دەریا) (ئەیوب38: 31-33) (هەسارەکان) (ئیشایا40: 12، 25-26).

خودا گرەو لەگەڵ مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی مەزنی و توانای تێبگەن! هیچ شتێك نییە لەسەر گۆی زەوی بەراورد بکرێت لەگەڵ مەزنی خودا. چیای هیمالایا و زەریای هێمن زۆر بچووکن. هیچ شتێك نییە لە کۆمەڵەی خۆر بەراورد بکرێت لەگەڵ مەزنی خودا، هەتاوەکو خۆر زۆر بچووکە. کەواتە ئەو شتە چییە کە خەڵکی دەتوانن بەراوردی بکەن لەگەڵ مەزنی و توانای خودا؟ لە راستیدا خەڵکی نازانن چی شتێك زۆر گەورەیە بەراوردی بکەن بە خودا. بۆیە خەڵکی هیچیان پێناکرێ تەنها بێدەنگبن. هەروەها خودا خەڵکی بانگهێشت دەکات سەیری ئەستێرە و هەسارەکان بکەن و بیر لە دروستکاری بکەنەوە. بیر لە هەندێ لەم راستییانەی خوارەوە بکەوە کە تایبەتە بە ئەستێرە و هەسارەکان:

**1** ژمارەی ئەستێرەکان

لە شەوێکی رەوان و تاریکدا، دەتوانی بە بێ تەلەسکۆب نزیکەی 2000 ئەستێرە ببینی. زۆربەی ئەم ئەستێرانە بۆ هۆکی ئێمە دەگەڕێتەوە کە پێی دەوترێ (درب تبانه) کە نزیکەی 100000000000 ئەستێرە لە خۆوە دەگرێت. ئەگەر بە تەلەسکۆب سەیری ئاسمانت کرد دەتوانی نزیکەی 1000000000 هۆك و 3000000000 ئەستێرەی تاك ببینی. و هەندێ ئەستێرە هەیە کە تاوەکو ئێستا کەس نەیانی بینیوە چونکە هێشتا رووناکییەکانیان نەگەیشتۆتە زەوی! بەڵام زانایان پێشبینی بوونی 2000000000000000000000 ئەستێرە دەکەن لەو گەردوونەی کە دەیناسین!

**2** دووری ئەستێرەکان

تاکە ئەستێرە لە سیستەمی خۆری ئێمە (خۆره). خۆر 150000000کم لە زەوی دووره. بەڵام چۆن دەتوانین خەیاڵی ئەم دووریە بکەین؟ ئەگەر بە فڕۆکەیەکی نوێ بەرەو خۆر بڕۆیت کە خێراییەکەی 1000کم بێت لە کاتژمێرێکدا، ئەوا پێویستیت بە 17 ساڵ هەیە بۆ ئەوەی بگەیتە خۆر. دووری نێوان ئەو ئەستێرانەی لە گەردووونماندا هەیە زۆر گەورەیە بە شێوەیەك کە زانایان (ساڵی تیشکی) بەکار دەهێنن بۆ پێوانی ئەم دووریانە. چونکە تیشك خێراترین شتە کە مرۆڤ دەیزانێت. تیشك بە خێرایی 300000کم لە خولەکێکدا دەگوازرێتەوە. کەواتە خۆر دەتوانێ 7.5 بە دەوری زەویدا بسووڕێتەوە لە چرکەیەکدا. بەم شێوەیە ساڵی تیشکی واتا ئەو دووریەی کە تیشك دەتوانێ بیبڕێ لە ساڵێکدا. بەمەش ساڵی تیشکی دەکاتە دووری 9454000000000کم! بۆ نموونە مانگ چرکەیەك و سێیەکی چرکەی تیشکی لێمان دووره. هەسارەی (مەریخ) پێنج خولەکی تیشکی لێمان دووره. خۆر 8 خولەکی تیشکی لێمان دووره. (بلوتۆ) پێنج کاتژمێری خۆری لێمان دووره. بەڵام نزیکترین ئەستێرە لە سیستەمی خۆر 4.3 ساڵی تیشکی لێیان دووره. بەڵام هۆکی ئێمە کە پێی دەوترێ (درب التبانه) تیرەی نزیکەی 100000 ساڵی تیشکییە! نزیکترین هۆك لە ئێمە کە پێی دەوترێ (هۆکی لوبی) کە چەندەها بلیۆن ئەستێرە لە خۆ دەگرێت، زیاتر لە ملیۆنێك ساڵی تیشکی لێمان دووره. بەڵام ئەستێرەکان چەندەها بلیۆن ساڵی تیشکی لێمان دوورن!

لەبەر ئەمە مرۆڤ ناتوانێت لەم گەردوونە بێ سنووره تێبگات!

3

قبارەی ئەستێرەکان

تیرەی هەسارەی زەوی 12.756کم. بەڵام تیرەی خۆر لە تیرەی زەوی 109 جار گەورەترە. بەڵام ئەستێرەیتر هەیە تیرەی 100 جار یاخود هەتاوەکو 1000 جار بەقەد تیرەی خۆرە. هەروەها قەبارەی ئەم ئەستێرانە زۆر گەورەیە بە شێوەیەك کە هەندێ بەشی کۆمەڵەی خۆرمان (بە تایبەتی خۆر، عەتارد، زوهرە، زەوی، مەریخ) بە ئارەزوی خۆی لەناو یەکێك لەم ئەستێرانە بسووڕێتەوە. ئەگەر وا دابنێین کە تیرەی خۆر 1ملم بێت، ئەوا تیرەی خۆر بە هەمان پێوەر 11سم دەبێت. تیرەی گەورەترین ئەستێرەی ناسراو لای ئێمە 100م دەبێت. لەگەڵ ئەوەی دەتوانین دەربارەی ئەو ئەستێرانە بخوێنین کە لەم گەردوونودا هەیە بە هۆی دووربینی گەردوونی، بەڵام کێ دروستکەری ئەم ئەستێرانەیە کە گەورەتریت شتە لەم گەردووندا! کتێبی پیرۆز دەفەرموێت کە خودا دروستکەری هەموو ئەم ئەستێرانەیە. ئەو فەرمان بە جووڵەی ئەم ئەستێرە و هەسارانە دەدات و ئەو بۆ هەر ئەستێرەیەك ناوێکی تایبەتی دانا! بەم شێوەیە ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت لە ژمارە و دووری و قەبارەی ئەستێرەکان تێبگات، ئەوا چۆن دەتوانێت لە دروستکەری ئەم ئەستێرانە تێبگات؟ لە دواییدا بوونی ئەم ئەستێرە جوانانە نیشانەیەکە بۆ بوونی خودایەکی مەزن و توانادار.

## بەشداری کردن

### مزگێنی مەتا

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە بە پەراوی خەلوەتی روحی تایبەت بە هەریەکێك لەئێوە بخوێنە) ئەوەی فێری بوونە لەکاتی خەلوەت روحییەکان یان خوێندنەوەی ئەو برگە کتێبیانەی دەستنیشان کراوە بۆتان (مەتا8: 1-11: 24) لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی بەشداریکردنەکان کورت بێت. گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات و مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەوەی بە تەواوی دەیلێت و قبوولی بکەن، کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

## فێرکردنی

### ئینجیل

### بیرۆکەکانی ئینجیل

کاتێك بەشداری پەیامی ئینجیل دەکەین لەگەڵ کەسانیتر، دەبێت توانای ئەوەمان هەبێت واتای وشەکان روون بکەینەوە کە لە گفتووگۆکەمان بەکاری دەهێنین. یارمەتی خەڵك بدە بۆ تێگەیشتنی واتاکانی (گوناه، مردن، لێپرسینەوەی رۆژی دوایی) هەروەها (بۆچی باوەڕمان وایە کە عیسای مەسیح تاکە رێگایە بۆ خودای باوك) و واتای (باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح).

### ئـ: پەیامی ئینجیل

واتای وشەی ئینجیل هەواڵی خۆش. (یاخود مزگێنی) سەبارەت بە گەورەترین شت کە خودا بە مرۆڤی بەخشی. دەتوانرێ پەیامی ئینجیل بە چەندەها شێوە پێشکەش بکرێ: لە رێگای بانگهێشت کردنی و وتنی گۆرانی روحی و دراما و وێنە و نەخشە کێشان...هتد. ئەم وێنە شێکاریەی خوارەوە واتای ئینجیل روون دەکاتەوە.

نەخشەی ئەم شێوەیە راکێشە لە کاتی روونکردنەوەی پەیامی ئینجیل بۆ کەسێك.

یۆحەنا3: 16 ﴿*چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت*﴾.




ڕێکخستنی ڕوونکردنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1. یۆحەنا3: 16 | 2. ئیشایا59: 1-2 | 3. ڕۆما3: 23 | 4. ڕۆما6: 23 ـ |
| 5. کردار4: 12 | 6. گەلاتیا3: 11 | 8. ئەفەسۆس2: 8-9 | 9. یۆحەنا3: 16 ، 5: 24 |

## ب: واتای (گوناها) لە کتێبی پیرۆز

کتێبی پیرۆز دەفەرموێت﴿*لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن*﴾ ( ڕۆما3: 23)

**فێربکە:** نووسەری (زەبووری51) ( لە زمانی عیبریدا) سێ وشە بەکار دەهێنێ بە واتای (گوناه) ئەوانەش (یاخی بوون، سەرپێچی، کوناه).

1

واتای وشەی (گوناه)




ت) شکست هێنان لە نیشان شکێنی.

ب) شکست هێنان کەیشتن بە ئاستی پێوانەی خودا.

**ئـ** واتای گوناه نەگەیشتن بە مەبەستی خودا لە ژیانت. مەبەستی خودا بۆ مرۆڤ ئەوە نییە پابەندی ئاینێك بێت، بەڵکو پەیوەندی ڕاستی هەبێت لەگەڵ خودا، کە خودی خۆی ئاشکرا کردووە لە کتێبی پیرۆز. کاتێك پەیوەنی لەگەڵ خودا ڕاست دەبێت، ئەوا پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیتریش ڕاست دەبێت و دەتوانن کاری ڕاست ئەنجام بدەن لە دیدەی خودا. بۆیە کەسی (گوناهبار) ئەو کەسەیە کە شکست دێنێت لە نیشان شکێنی مەبەستی خودا لە ژیانی کە ئەویش ئەنجامدانی پەیوەندییەکی ڕاستە لەگەڵ خودا.

**ب)** گوناه واتای نەگەیشتن بە پێوەری تەواوی خودا دەگەیەنێ. پێوەری خودا بۆ ژیانی ڕاست و کاری چاکە عیسای مەسیح و فێرکردنەکانییەتی کە لە کتێبی پیرۆز نووسراوە. ئاینت هەرچی بێت، ئەوا ژیان و کردەوەکانت بەم پێوەرە تەواوە پێوانە دەکرێ کە خودا دایناوە. کتێبی پیرۆز دەڵێت کەس نەیتوانی لە جیهاندا بگاتە ئەم پێوەرە تەواوە کە خودا بۆمانی داناوە. هەتاوەکو ئەو کەسانەی کە ژیانێکی نموونەیی بەسەر دەبەن و زۆر کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن ئەو توانایەیان نییە بگەنە پێوەری تەواوی خودا (ڕۆما3: 10-12، 23). کەس تا ئێستا نەیتوانیوە بگاتە ئەم پێوەرە! بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێ ڕزگاربوون بەدەست بهێنێ لە ڕێگای ئاینییەوە، یاخود لە ڕێگای جێبەجێکردنی شەریعەت، یاخود لە ڕێگای کاری چاکە. هیچ کەسێك بە شێوەیەکی تەواو چاك نییە. (گوناه) تەنها تاوان کردن یاخود ئەنجامدانی کارێکی خراپ نییە، بەڵکو شکست هێنانە لە نیشان شکێنی مەبەستی خودایە. شکست هێنانە لە گەیشتن بە پێوەری تەواوی خودا.

2

واتای وشەی یاخی بوون




**ئـ)** یاخی بوون واتای شکاندنی ئەو سنوورانەیە کە خودا بۆ مرۆڤی داناوە. ئەو سنوورانەش لەم چەند جێگایەدا دەبیندرێتەوە (ڕاسپاردەکان، قەدەغەکراوەکان، ئەو وانانەی کە خودا دایناوە و خودی خۆی پێ ئاشکرا کردووە لە کتێبی پیرۆز. لەبەر ئەوەی زۆربەی کات خەڵکی حەز دەکەن ئەو کارە بکەن کە خودا قەدەغەی کردووە، هەندێ خۆیان لە بێئاگایی دەدەن لەوەی خودا فەرمانی پێکردوون، بۆیە خودا ناویان لێدەنێت (یاخی بووان). مەبەستی یاخی بوون سەرپێچی کردنی فێرکردنی مامۆستایانی ئاین نییە. بەڵکو سەرپێچی کردنی ئەو یاسا و سنوورانەیە کە خودا بۆ دەرخستنی خودی خۆی لە کتێبی پیرۆز داینا.

**ب)** واتای یاخی بوون سەرکێشی کردنی بەئەنقەسەتە بەرامبەر بە خودا. خەڵکی لە پەیمانی کۆندا سەرکێشیان کرد بەرامبەر بە خودا و بە ئارەزوی خۆیان هەڵسوکەوتیان دەکرد (داوەران21: 25). هەتا ئێستاش خەڵکی بە ئەنقەست درۆ بڵاودەکەنەوە سەبارەت بە خودا کە خودی خۆی لە کتێبی پیرۆز ئاشکرا کرد. هەروەها بە ئاشکرا پەیامی خودایان نەدەویست و گاڵتەیان بە بنەما ئەخلاقیەکان و دانایی خودا دەکرد. نەك تەنها ئەمە، بەڵکو یاخی بوونیان لەسەر زەوی بڵاو دەکردەوە و خەڵکیان هان دادا بۆ ڕەوشت تێکچوون و دڵ ڕەقی بەرامبەر خودای کتێبی پیرۆز. ئەمەش سەرکێشی کردنە. یاخی بوون و سەرکێشی بە گوناهێکی روون دادەنرێن.

3

واتای وشەی سەرپێچی




**ئـ)** واتای سەرپێچی کردن گۆڕینی ڕاستی بەزیرەکی بەمەرجێك بە پێی بیری خودابێت. هەموو خەڵك تێڕوانینێکیان هەیە بۆ ئەو جیهانەی لێی دەژین، تێڕوانینی خۆیان لە ڕێگای ڕاو بۆچوونیان سەبارەت بە بوون و ڕاستی ئێستا دەردەبڕن و لە ڕێگای تێگەیشتن هەڵوێستیان و بیروباوەڕ و بنەماکانیان دەردەبڕن، هەروەها لە ڕێگای کەلتوور بنکەکانیان دەردەبڕن. بەڵام خودای کتێبی پیرۆز تێڕوانینی ڕاستی خۆی بۆ جیهان دەرخست لە ڕێگای خودا عیسای مەسیح و لە ڕێگای کتێبی پیرۆز. دەتوانین تێڕوانینی خودا بۆ جیهان ناو بنێین (کەلتووری شانشینی خودا)! لە شانشینی خودا شێوەی زۆری جۆراوجۆر هەیە بۆ دارشتن و دەربڕین، بەڵام دەبێت هەموو ئەو داڕشتنانە ڕای عیسای مەسیح و کتێبی پیرۆز دەربڕێ. چونکە خودای کتێبی پیرۆز دەیەوێت

هەموو خەڵکی کەلتووری شانشینی خودا بزانن و باوەڕی پێبکەن و بە پێی ئەو بژین. بەڵام کە خەڵك تێڕوانینی جیهانی تایبەت بە خۆیان دادەڕێژن، کە هەڵدەستن بە داڕشتنی بیر و باوەڕو بنەمای تایبەت بە خۆیان، کەواتە ئەوان ئەو راستییەی خودا دەبینێ دەیگۆڕن، ئەمەش سەرپێچییەکە لە تێڕوانینی خودا.

**ب)** سەرپێچی واتای گۆڕین (یان شێوان) دەدات، گۆڕینی ئەو راستییەی کە خودا لە کتێبی پیرۆز دیاری کردووە. خودا لە کتێبی پیرۆز بە روونی راستی ئاشکرا کردووە. بەڵام خەڵك بە ئەنقەست بە خراپی راستی کتێبی شلۆقە کرد (ئیشایا5: 20). هەندێك وا دەکەن کتێبی پیرۆز ئەو شتانە بڵێت کە خۆیان دەیانەوێت (زەبووری56: 6) هەندێکیش خۆیان لە بێئاگایی دەدەن لەهەندێ لەو راستییانەی کتێبی پیرۆز، لەگەڵ ئەوەی کە خودا دەیەوێت بیری لێبکەنەوە و فێربن (بینین22: 18-19) لە ئەنجامی ئەوەش زۆر نێردراوی درۆ هەن و زۆر کەس هەیە رێی بزر کردووە بە هۆی ئەو نێردراوە درۆیانە (مەتا24: 11) کەواتە ئەمە سەرپێچییە. زۆر جار سەرپێچی لە شێوەی خراپە دێت کە داپۆشراوە بە رووپەکی جوان. بۆیە خراپەیەکی قایلکەرە و زۆر جار لە ژێر ماسکی ئاین خۆی حەشاردراوە.

4

**ئـا)** بنچینەی (رەگی) گوناھ = سەربەخۆیی لە خودا
= پەیوەندیەکی پچڕاو لەگەڵ خودا
= شکست هێنان لە نیشان شکێنی مەبەستی خودا
= شکاندنی سنوورەکانی خودا
= یاخی بوون لە خودا
= گۆڕین (ناشرین) کردنی وشەی خودا

پوختە: (بنچینەی) گوناھ و (بەرهەمی) گوناھ

**ب)** بەرهەمی گوناھ
= ئەنجامدانی ئەو شتانەی خودا قەدەغەی کردووە
= ئەنجام نەدانی ئەو شتانەی خودا فەرمانی پێکردووە

**ئـا)** بنچینەی (گوناھ) جێگرتنە لە دەوری خود، یاخود بەسبوونی خودی یاخود سەربەخۆیی لە خودا. بنچینە (یاخود رەگی) ئەو پەیوەندیە پچڕاوەیە لەگەڵ خودا کە خودی خۆی لە کتێبی پیرۆز ئاشکرا کردووە. هەروەها بنچینەی (گوناھ) ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی مەبەست و پێوەرەکانی دابنێت دوور لە خودا. بنچینەی (گوناھ) ئەوەیە کە مرۆڤ بە پێی ئەو یاسا و سنوورە بژیت کە خۆی وێنەی کێشاوە و دایناوە بۆ خۆی کە زۆربەی کات دەکەوێتە دەرەوەی ئەو سنوورەی کە خودا وێنەی کێشاوە. یاخود مرۆڤ بە بێ سنوور بژیت. بنچینەی (گوناھ) ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی کەلتووری خۆی و تێڕوانینی خۆی بۆ جیهان داڕێژێ، باوەڕی پێی هەبێت دوور لە خودا کە خودی خۆی ئاشکرا کردووە لە کتێبی پیرۆز. لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ وادەزانێ کە هیچ شتێکی هەڵە ناکات، تەنها کاری چاکە دەکات، بەڵام هێشتا گوناهبارە لە تێڕوانینی خودا چونکە ژیانی لە دووری خودای راستی زیندووی تاك دەباتە سەر. بنچینەی (گوناھ) ئەوەیە کە مرۆڤ بەو شێوەیە بژێت کە پێی خۆشە و ئەوەی پێی خۆشە بیکات لە بری ئەوەی بەو شێوەیە بژی کە خودا دەیەوێت و ئەو کارانە ئەنجام بدات کە خودا دەیەوێت. هەروەها بنچینەی (گوناھ) ئەوەیە کە جێگیربیت لە دەوری خود، یاخود سەربەخۆیی لە خودا کە خودی خۆی لە کتێبی پیرۆز ئاشکرا کردووە.

**ب)** بەرهەمی گوناھ ئەنجامدانی کارێکی هەڵەیە. هەروەها بەرهەمی گوناھ لە بنچینە (رەگ)ی کوناھ بەدی دێت. بەرهەمی کوناھ واتا ئەو کارانە ئەنجام بدەیت کە خودا قەدەغەی کردووە. یاخود ئەنجام نەدانی ئەو کارانەی کە خودا فەرمانی پێ کردووە. دەتوانی لیستی گوناهەکان یاخود ئەو شتانەی خودا قەدەغەی کردووە (مەرقۆس7: 20-23) (رۆما1: 28-32) (گەلاتیا5: 19-21) (تیتۆس3: 3) (بینین21: 8). بەڵام ئەو کارانەی خودا فەرمانی پێ کردووە: (یۆحەنا13: 34-35) (لۆقا6: 27-28) (کۆلۆسی3: 18- 4: 1) (عیبرانییەکان3: 12-13 & 12: 14-17) (یاقوب1: 27) (پەترۆس2: 11-12).

## پ: واتای مردن لە کتێبی پیرۆز

کتێبی پیرۆز دەڵێت ﴿*چونکە کرێی گوناه مردنە*﴾ (رۆما6: 23).

**فێربکە:** وشەی مردن لە کتێبی پیرۆز سێ واتای هەیە : مردنی روحی و مردنی لەشی و مردنی تاهەتایی.

1

مردنی روحی

**بخوێنە:** (ئەفەسۆس2: 1-5، 12)

**بدۆزە و گفتوگۆبکە:** واتای مردنی روحی چییە؟

**تێبینییەکان:** مردنی روحی دۆخێکە کە روحی مرۆڤ تیایدا مردووە. واتا جیابوونەوە لە ژیانی خودای زیندووی کە خودی خۆی ئاشکرا کردووە لە کتێبی پیرۆز. خودا هەموو مرۆڤێکی دروست کردووە و روحی مرۆیی پێ بەخشیووە. لەو کارانەی کە روحی مرۆیی ئەنجامی دەدات توانایەتی لەسەر ناسینی خودا و بەستنی پەیوەندییە لەگەڵی. بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی دووبارە لەدایك بوونی دووەمیان بەدەست نەهێناوە بەهۆی روحی پیرۆز، کەواتە ئەوان مردوون لە روحدا. ئەوان وا دەزانن خودا نییە، هەتاوەکو ئەگەر باوەڕیان هەبێت کە خودا هەیە، وا دەزانن کە لە دوور دەژیت واتا لە ئاسمان. بە واتایەکیتر ناسینێکی نزیك و کەسی خودا ناناسن و ناتوانن خۆشی وەربگرن لە هاوبەشی لەگەڵی. بەڵام کاتێك گوێبیستی پەیامی ئینجیل دەبن و باوەڕی پێدەێنن، واتە کە عیسای مەسیح لە دڵ و ژیانیان قبووڵ دەکەن، ئەوکات روحی پیرۆز (روحی خودا) دێت و تیایاندا دەژی (ئەفەسۆس1: 13) (رۆما8: 9-10) ئینجا روحی پیرۆز روحە مرۆییەکانیان زیندوو دەکات بۆ ئەوەی بتوانن ناسینێکی کەسی خودا بناسن و خۆشی وەربگرن لە هاوبەشی لەگەڵیدا.

2

مردنی لەشی

**بخوێنە:** (زەبووری49: 10، 17) (گۆمکار9: 5-6، 10).

**بدۆزە و گفتوگۆبکە:** واتای مردنی لەشی چییە؟

**تێبینییەکان:** مردنی لەشی ئەو دۆخەیە کە لەشی مرۆڤ دەوەستیت لە کارکردن. مردنی لەشی کاتێك روودەدات کە روحی مرۆڤ لە لەشی مرۆڤ جیادەبێتەوە، هەروەها کاتێك کە مرۆڤ لە ژیانی سەر زەوی جیادەبێتەوە. ئەمە جیابوونەوەیە لە ئەندامە خۆشەویستەکانی خێزان و هاورێ ئازیزەکان، جیابوونەوەیە لە موڵك و دەستکەوتەکان. کە مرۆڤ مردنێکی لەشی دەمرن ئەوا لەشەکانیان شی دەبێتەوە و دەبێتە خۆڵ لە گۆڕدا. ئەوکات هەرگیز ناگەڕێنەوە ئەم جیهانەی ئێستا و هەرگیز بەشداری شتێك ناکەن کە لە جیهانی ئێستا روودەدات.

3

مردنی تاهەتایی

**بخوێنە:** (لۆقا16: 22-23) (مەتا10: 28) (مەتا25: 46)
(بینین20: 14-15) (بینین21: 8) (2سالۆنیکی1: 8-9).

**بدۆزە و گفتوگۆبکە:** واتای مردنی تاهەتایی چییە؟

**تێبینییەکان:** بەر لەوەی رۆژی لێپرسینەوەی مەزن بێت، مردنی تاهەتایی دەبێتە ناڵاندنێکی تاهەتایی لە دۆزەخ بۆ ئەو روحانەی کە باوەڕیان نییە. بەڵام دوای هاتنی رۆژی لێپرسینەوەی مەزن، ئەوا مردنی تاهەتایی دەبێتە ناڵاندنێکی تاهەتایی لە دۆزەخ بۆ ئەو روح و لەشانەی کە باوەڕیان نییە. مردنی تاهەتایی واتە جیابوونەوە تاهەتایە لە خودا.

## ت: واتای ( حوکم دان) لە کتێبی پیرۆز

کتێبی پیرۆز دەفەرمویت ﴿*بەڵام ئەوەی باوەڕ ناهێنێت (بە عیسای مەسیح) ئەوا حوکم دراوە*﴾ (یۆحەنا3: 18) ﴿*وەك بۆ مرۆڤ دانراوە جارێك بمرێ، دواتر لێپرسینەوەیە*﴾ ( عیبرانییەکان9: 27).

**فێربکە:** لە کتێبی پیرۆز حوکم دان ئاماژە بە دوو حوکم دانی جیاواز دەکات: حوکمی خودای ئێستای کاتی و حوکمی خودای داهاتووی تاهەتایی. حوکمی ئێستای کاتی بە دوو شێوە دێت: خودا ڕێگا دەداتە حوکم دان. هەندێ جاریش خودا حوکم دادەگرێتە سەر مرۆڤ.

1 حوکمدانی خودای ئێستای کاتی

**ئـا بخوێنە:** (گەلاتیا6: 7-8) (ڕۆما1: 28-32).

**بدۆزە و گفتوگۆبکە:** بۆچی خودا ڕێ دەداتە هەندێ شێوەی حوکم دان لەم سەردەمەدا؟

**تێبینییەکان:** چونکە خودا زەوی و مرۆڤی دروست کرد، کەواتە مافی خۆیەتی بڕیار بدات کە چۆن ئەم مرۆڤانە بژین. خودا لە دروستکردنیدا یاسای ماددی داناوە. بۆ نموونە ئەگەر یاسای هێزی ڕاکێشانت بەلاوە نا ئەوا دەکەوی و خۆت ئازار دەدەیت. هەروەها خودا لە دروستکردنیدا یاسای ڕەوشتی و ڕوحی داناوە. کە خەڵکی خۆیان لە بێئاگایی دەدەن لە یاسای ئەخلاقی و ڕوحی کە خودا دایناوە، ئەوا خودا ڕێیان پێدەدا ڕووبەڕووی ئاکامی ئەو گوناهانە ببنەوە کە ئەنجامیانداوە. بە واتایەکیتر (چیان چاندووە ئەوە دەدوورنەوە). بەم شێوەیە ئەو مرۆڤەی گوناهێك بکات حوکمی خودا بەدەست دەهێنێ. بۆ نموونە ئەو کەسەی تەمبەڵی بچێنێ هەژاری بەدەست دەهێنێ، ئەو کەسەی دوژمنی بچێنێ پەیوەندی ڕزی بەدەست دەهێنێ. ئەوەی ستەمکاری بچێنێ جەنگ بەدەست دەهێنێ، ئەو کەسەی ماددەی بێهۆشکەر بەدەست بهێنێ ڕاهاتن بەدەست دەهێنێ. ئایەتەکانی (ڕۆما1: 18-32) ئەوەمان فێردەکات کە دووری لە خودا ڕێگایە بۆ تێکچوونی ڕەوشتی و هەموو جۆرە خراپەیەك. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئاکامی گوناهەکانی مرۆڤ لە ژیان دووچاری دەبێتەوە. زۆربەی کات ناڵاندن دەبێتە ئەنجامی سروشتی بیرو باوەڕ هەڵەکان و بڕیار و کردەوە هەڵەکانی مرۆڤ.

---

**بـ بخوێنە:** (لێڤییەکان26: 14-25) (عاموس4: 6-12) (حەگەی1: 3-11) (حزقیال14: 21) (مەتا24: 4-14) (بینین9: 20-21 & 16: 9). **بدۆزە و گفتوگۆبکە:** بۆچی خودا هەندێ شێوەی حوکمدان ئێستا دەهێنێتە جیهان؟

**تێبینییەکان:** هەموو جیهان مولکی خودایە. هەروەها چاودێری هەموو هێزێکی سروشتی و هەموو ڕووداوەکانی مێژووی ژیانی مرۆڤ دەکات. هەندێ جار کە خەڵکی سەرپێچی فەرمانەکانی خودای زیندوو دەکەن یاخود پشتی لێدەکەن، ئەویش دەستی چاودێری و پاراستنیان لەسەر هەڵدەگرێت و لێپرسینەوەی ئێستای کاتییان بەسەردا دەسەپێنێ. بۆ نموونە، لەوانەیە بەرهەمەکانیان پێناگات، و یاخود جەنگ وڵاتەکانیان وێران دەکات، یاخود خۆشەویستەکانیان زەرەری گەورەیان لێدەکەوێ، چیتر هەست بە قایلی ناکەن لە ژیان، هتد... هەروەها خودا زۆر جۆری کارەساتی سروشتی بەکارهێناوە وەکو (بوومەلەرزە، لافاو، وشکەساڵی، برسیەتی، نەخۆشی) بە درێژایی مێژووی مرۆڤ لەسەر زەوی بۆ ئەوەی خەڵکی ببینێ کە لە گوناهەکانیان ڕازی نییە. بۆئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای.

---

**پـ بخوێنە:** (عیبرانییەکان12: 4-11). **بدۆزە و گفتوگۆبکە:** ئایا مەبەستی ڕاستی خودا چییە لە حوکم دانی ئێستای کاتی لەسەر مرۆڤ؟ **تێبینییەکان:** خودا حوکم دانی ئێستای کاتی دادەگرێتە سەر مرۆڤ بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لە حوکم دانی داهاتووی تاهەتایی. مەبەست لە حوکم دانی ئێستای کاتی ئاگادار کردنەوەی مرۆڤە، ئاشکرا کردنی گوناهەکانیان، سەرزەنشتکردنیان و تەمێکردنیان لەسەر گوناهەکانیان. چونکە مەبەستی خودا هەردەم ئەنجامدانی ئەو کارانەیە کە لە بەرژەوەندی خەڵکدایە. بۆ یە مەبەستی خودا لە لێپرسینەوەی ئێستای کاتی گەڕانەوەی خەڵکە لە کردەوەی خراپ بۆ ئەوەی هاوبەشی خودا بکەن لە پیرۆزی و ڕاستوودروستیدا!

**ئـا بخوێنە:** (زەبووری73: 2-16) (گۆمکار12: 14)

**پرسیار:** کاتێك تەماشای ژیانی راستوودروستان دەکەیت، پاشان بەهەمان شێوە تەماشای ژیانی تاوانباران دەکەیت، ئایا بۆچی ژیان بە دادوەر یاخود بە زۆردار وەسف دەکەیت؟

**ڤێربکە:** ژیان لە روانگەی زۆردار و ستەمکارە دیاردەدات! چونکە راستوودروستان دەناڵێنن، دڵ نەرمەکان بەگەڕدەخرێن، روح سووکەکان دەتۆقێنرێن، هەژارەکان قەدەغەکراون. لە لایەکی ترەوە تاوانباران پەرەدەسێنن، خۆپەرستەکان پارە کۆدەکەنەوە، دڵ رەقەکان روح سووکەکان دەچەوسێننەوە، دەوڵەمەندەکان هەژاران هەژارتر دەکەن، ستەمکارەکان بە سەلامەتی لە جێگای خۆیان دەمرن لەو کاتەی پیرۆزکراوەکان هەتاوەکو مردن ئازار دەکێشن. بە گوێرەی بیرمان ئەگەر خودایێکی توانادار و چاك هەبێت، ئەی چۆن رێگا بەم هەموو ستەمە دەدات لە جیهان؟ ئەگەر هیچ شتێك نەکات ئێستا یاخود دوای ئەم ژیانە بۆ کۆتایی هێنانی ئەم ستەمە و نەهێشتنی ئەم تاوانە، کەواتە خودا توانای نییە (واتە ناتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات)، یاخود چاك نییە (واتە گوێ بە ئەنجامدانی ئەو کارە نادات). بەڵام کتێبی پیرۆز بە روونی فێر دەکات کە خودا زیندوو و توانا و دەسەڵاتێکی تەواوی هەیە، رۆژێك لە رۆژان یەکسانی لەسەر دەستی روودەدات لە سەرانسەری جیهان. چونکە هەموو ئەو خەڵکەی لەسەر ئەم زەویە ژیاوە لە سەرەتای دروستبوونییەوە و تاوەکو کۆتایی بەرامبەر بە خودا رادەوەستن لە رۆژی لێپرسینەوەی کۆتایی.

**بـا بخوێنە:** (عیبرانییەکان9: 27) (مەتا25: 31-33).

**پرسیار:** ئایا حوکم دانی خودا چۆن دەبێتە داهاتوویی؟

**ڤێربکە:** کتێبی پیرۆز پێمان رادەگەیەنێ کە مردنی لەشی مرۆڤ کۆتایی نییە! بەڵگو پاش مردنی روحی، سزایەکی سەختتر و گەورەتر هەیە بۆ مرۆڤـ! عیسای مەسیح دەگەرێتەوە سەر زەوی. هەموو ئەوانەی لەسەر ئەم زەویە ژیان حوکم دەدرێن. خودا حوکم دەداتە سەر هەموو کارێك هەرچەند شاراوە بێت (گۆمکار12: 14). هەروەها هەموو خراپەکار و تاوانباران لە شانشینی خۆی دەردەکات (مەتا13: 41). بێ باوەڕان لە باوەڕداران جیادەکاتەوە بۆ ئەوەی حوکمیان بەسەر بدات بە پێی پەیوەندیان بە عیسای مەسیحی خوداوەند (مەتا25: 12). ئەوانەی کە باوەڕیان بە عیسای مەسیح نییە کە رزگارکاری ژیانیانە ئەوە بە پێی شەریعەتی خودا حوکم دەدرێن (رۆما 2: 14-16). بە پێی بێ باوەڕیان (یۆحەنا3: 18- 21 ،36). بە پێی کەم وکوڕیان (مەتا25: 41-46). بە پێی کردەوە خراپەکانیان (بینین21: 8). بە پێی کەم زانینیان بۆ عیسای مەسیح و گاڵتەکردنیان بە روحی نیعمەت (عیبرانییەکان10: 26-31). بەم شێوەیە هەر کەسێك پەیامی ئینجیلی عیسای مەسیح رەتبکاتەوە ئەوە سزا دەدرێت لەسەر یاخی بوونی (2سالۆنیکی1: 8). لەگەڵ ئەوەشدا، خودا بە یەکسانییەکی تەواو حوکم دەداتە هەموو کەسێك (لوقا12: 47-48) ئەو چەوسێنراوان بە راستوودروستی حوکم دەدات، هەژاران لە روحی بە بەزەیی حوکم دەدات (مەتا5: 3-12)، دەوڵەمەندە نەوسنەکان لە کۆبوونەوەی خۆی بە دەست بەتاڵی دەردەکات (یاقوب5: 1-6)، ستەمکاران دەفەوتێنێت و حوکمی هەموو خەڵکی دەکات لەسەر ئەو ستەمەی ئەنجامیان داوە لەسەر زەوییەکەی! هەروەها سنوورێك بۆ لووتبەرز و خۆ بە زل زانەکان دادەنێت (ئیشایا13: 11) پاشا ستەمکارەکان لە پاشایەتییان لادەدات (دانیال2: 44-1) (کۆرینسۆس15: 25). بەڵام جێگای سزای تاهەتایی (نەوەك تیاچوونی تاهەتایی) پێی دەوترێت (ئاگر و گۆگرد یاخود (دۆزەخ)، دۆزەخ جێگای ئاگر و سزایە (لۆقا16: 23-26). ئەو شوێنەیە کە ستەمکاران تێیدا سزا دەدرێن بەبێ ئەوەی بفەوتێن. هەروەها شوێنی گریان و ئەو ئازارە توندەیە کە کۆتایی نایێت (مەرقۆس9: 42-49) جێگایەکە کەس ناتوانێ لێی دەرچێت (لۆقا16: 26) ستەمکاران بە سزایەکی تاهەتایی سزا دەدرێن، بە بێ ئەوەی خۆشەویستی و چاودێری خودا تاقی بکەنەوە لە حزووری دەردەکرێن (2سالۆنیکی1: 8-9). چونکە هەر کەسێك کە ناوی لە پەرتووکی ژیان نەبێت دەخرێتە ناو دەریاچەی ئاگر (بینین20: 15).

بەڵام ئەو کەسانەی باوەڕیان بە عیسای مەسیح هەیە کەوا خودا و رزگارکاری ژیانیانە حوکمی تاهەتاییان نادرێت (یۆحەنا5: 24-29) بەڵکو بەپێی جۆری ژیانیان حوکم دەدرێن، هەڵسووکەوتیان وەك باوەڕدارێکە لەسەر زەوی (2کۆرینسۆس5: 10) (1کۆرینسۆس3: 10-15).

نزا

## نزای وەڵام دراو لەگەڵ وشەی خودا

بە نۆرە وەکو گروپ نزا بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یاخود گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یاخود سیانی و نزاکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی
## بۆ وانەی داهاتوو

**بەڵێن:** بەڵێن بدە وەڵامدانەوەت هەبێت لەگەڵ ئەو شتانەی کە خودا پێتی فەرمووە لە کتێبی پیرۆز. هەروەها بەڵێن بدە کۆڵنەدەیت لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی رێك و پێك.

**خەڵوەتی روحی:** هەموو رۆژێك کاتێك بەسەر بەرە لە خەڵوەتی روحی. رۆژانە نیو بەشی بخوێنە (مەتا8: 1-11: 24).

**دەرخ کردن:** وردبەرەوە لە ئایەتە کتێبییە نوێکان و دەرخیان بکە. متمانەی رزگاربوون: (1یۆحەنا5: 11-13). هەموو رۆژێك پێداچوونەوەیەك بکە لەو ئایەتە کتێبییانەی دەرخت کردووە.

**نزا:** ئەم هەفتەیە سەبارەت بە شتێك یاخود کەسێکی دیاریکراو نزا بکە، چاوەڕوانبە خودا چی دەکات. (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابێتی. ئەو تێبینیانەت بنووسە کە پەیوەندی هەیە بە خەڵوەتی روحی، دەرخ کردن، خوێندنەوەی کتێبی، ئەم ئەرکە ماڵییە.